
چیرۆک

# گۆڕ، یادگە، ماڵئاوا گوڵی مەریەم، گردی عاشقان

عومەر کەریم بەرزنجی



## گۆڕ

بەر لەوەی بۆ هەمیشە چاوەکانی لەیەک بنێت، لانەیەکی ئارامی شک نەدەبرد هەر رۆژە و لە جێگەیەکدا ساتە تەماوی و ئاڵۆزەکانی تەمەنی بەڕێ دەکرد لە ناو ماڵەکەیاندا هیچ کەس چاوی پێی هەڵ نەدەهات، دایک و باوک و خوشک و براکانی چاوەڕێی ئەو رۆژە بوون لە کردەوە بەد و قێزەونەکانی رزگاریان بێت، وەلێ کە مرد گۆڕەکەیان کرد بە باخچەیەکی رازاوە بە گوڵ و گوڵزار و کێلەکەیان دەگرتە باوەش.

## یادگە

هەر کە چاوی بە ئەلبوومی یادگارییەکانیدا دەگێڕا، نیگای لەسەر چەرچەفی خوێناوی ژووری نووستنەکەیان دەگیرسایەوە خوێنی جەستەی ئەتک کراوی ئەو کیژەی لە یەکەم شەوی بووکێنیدا بۆی ئاشکرا بوو کە شەرەفی ئەمی فڕێ داوەتە زبڵدانی رابردووەوە، ئەم پێی وابوو چەند ساڵ خۆشەویستی جگە لە رواڵەتێکی فریودەرانە هیچی تر نەبووە بۆیە دەبێ بە خوێن ئابڕووی خۆی بکڕێتەوە، وەلێ کاتێک پزیشکی دادوەری لاشەکەی دەپشکنن بۆیان ئاشکرا دەبێت کە هێشتا کچە و پەردەی کچێنی لە دەست نەداوە.

## ماڵئاوا گوڵی مەریەم

بەر لەوەی عیسا لە دایک بێت مردن مانایەکی تری هەبوو، مرۆڤ ماناکانی خوێنڕێژی بە بەرگریکردن راڤە دەکرد، شمشێر ماناکانی شەرەفمەندێتی دەنووسییەوە، خاچ هیچ مانایەکی نەبوو، لە ناو دڵی جەلادەکاندا بتی خواوەندەکان فەرمانڕەوایی ژیانیان دەکرد، ئەوان لە حەرەمسەرای ژیاندا کەنیزەکە ناسکەکانی خۆشبەختییان لە ناو کورەی شمشێرسازەکاندا دەتاواندەوە ئەوان باخچەی خەونەکانی خۆشبەختییان بە خوێن ئاو دەدا لە نیگاکانیاندا خوێن دەباری مەسیح هات و راڤەی مەرگ و ژیانی بۆ کردین مەسیح هات و ویستی گوڵەکانی ئومێد لە فنجانی دڵی جەلاددا بڕوێنێت، وەلێ ئەو

هات و مەرگی بۆ راڤە کردین ئەو هات و ماناکانی ژیانی بۆ شی کردینەوە سەرلەنوێ ژیانی بۆ خستینە رستەوە سەرلەنوێ چاوەکانی بە فرمێسکی میهرەبانی شۆردەوە ئەو هات و مردنی بۆ خستینە جوملەوە لای ئەو مردن دەشێ سەرەتایەک بێت بۆ بە ئاگاهاتنەوە لە ژیان بۆ راڤەکردنەوەی خەونەکان وەلێ خاچ هات و باخچەکانی ئومێدی پڕ کرد لە زوقمی نەفرەت و باخچەکانی لێوانلێو کرد لە گوڵی بێ مروەت.

## گردی عاشقان

لە وەرزی بەهاردا گوڵ و گوڵزار سەرتاپای گردەکەی دادەپۆشی، بەشێکی زۆری گوڵاڵە سوورە بوو کە جوانییەکی بێوێنەی بە گردەکە بەخشیبوو، حیکایەتگەلێکیان لە بارەی ئەو گردەوە دەگێڕایەوە، کە هەمووان سڵیان لەوە دەکردەوە پێ بنێنە ناو ئەو گردۆڵکەیە کە پێیان وابوو هەرکەسێک بچێتە نێو ئەو گردەوە و گوڵێک بپلیشێنێتەوە لە جێی خۆی وشک دەبێت و دەبێتە گوڵێک لەو گوڵجارە، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو حیکایەتەیان دەگێڕایەوە بۆ ئەو دەمانەی کچ و کوڕێکی عاشق شوێن بزر دەبن و هیچ کەسێک سەر و سۆراخیان نازانێت، ئەو دوو عاشقەی کە کەوتبوونە بەر نەفرەتی بنەماڵەکانیان و نەیان دەهێشت بەیەکتر بگەن، لەبەر هەڕەشەی پیاوە چەقۆ وەشێنەکانی خێڵ سەری خۆیان هەڵگرت، بە دیارنەمانی ئەوان لەو گردەدا کە پێشتر خاکێکی شینکی و وشک و بێ گژووگیا بوو وەلێ دوو گوڵی سووری گەشاوە و جوان لە لووتکەی گردەکەدا سەری هەڵدا، تا دەهات گردەکە جوانتر و رازاوەتر دەبوو بە گوڵ و گوڵزار هەر بۆیە ناویان لێ نا گردی عاشقان.